بەهۆی گەندەڵی جۆراوجۆرەوە ٤ بەرپرس لەسەر کار لابراون

بەهۆی گەندەڵیەوە کۆمەڵێک بەرپرسی دەزگاکانی پارێزگای سەڵاحەدین بانگێشتی ئەنجومەن کرا

زەنگ-خورماتوو
هیشام عەبدولکەریم

دوای ئاشکرابوونی گەندەڵیەکانیان٤ بەرپرسی دەزگاکانی پارێزگای سەڵاحدین لەسەر کارەکەیان دەبڕێن وبەڕێوبەری تەندروستی گشتی پارێزگای سەڵاحەدین بۆ ماوەی ٥ ساڵ بۆ نیە بچێتە دەروەی عێراق.

سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت وتی:" ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین لەسەر ڕۆشنایی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کەپێش ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاکان بە بێ یاسایەکی تایبەتی کاری دەکرد لەبەرئەوەی لەو کاتەدا یاسایەکی گشتی نەبوو ڕێکیانبخات بەڵام ئێستا دانراوە بۆ ڕێکخستنی کە پێی دەڵێن یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان کە لە هەرێمەکان ڕێک نەخراون و هێشتا نەچوونەتە سەر هەرێمەکان. ئەم یاسایە شەرعیەتێکی زۆری بە پارێزگاکان داوە ، کە پێی دەڵێن یاسایی ٢١ لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە .ئەوشەرعییەتەی کە بە پارێزگاکانی داوە بۆی هەیە دەستکاری هەموو شتێک بکات لە لێکۆڵینەوە و لەکارخستنی بەرپرسانی حکومی بەڵام تەنها ئەمانە ناگرێتەوە بۆ لەکارخستن ١- قەزاکان چونکە خۆی لە خۆیدا قەزا جێگایەکی پیرۆزی هەیە ٢. خوێندنی باڵا ٣. دەزگا سەربازییەکان".

ئەو سەرچاوە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ڕۆڵی ئەنجومەنیش ئەوەیە کە تەشریعی، چاودێری، بەدواداچوون، بکات. لەسەر ڕۆشنایی یاسایی ٢١ کە لەساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە دەستی بە دانیشتنەکانی کردوە ، کۆمەڵێک لە بەرپرسانی دەزگا حکومییەکانی لەپارێزگایی سەڵاحەدین بانگهێشت کرد بۆلێکۆڵینەوە سەبارەت بە گەندەلێیەکانیان لە سنوری پارێزگای سەڵاحەدین کە ئەنجامیانداوە لەوانە، قحتان حماده صالح جێگری هونەری پارێزگای سەڵاحەدین کە دووجار بانگهێشت کراوە بەڵام ئامادەی دانیشتوانەکان نەبووە . هەر لەو دانیشتنانەدا ئەنجومەنی پارێزگای صلاح الدین هەموو گەندەلییەکانی خستە ڕوو و دواجار بە کۆی دەنگ لەکاریان خست. هەندێک لە دۆستانی خۆی بە نیازبوون بە نهێنی دەنگدانەکە ئەنجامدەن بەڵام ئەنجومەن ڕازی نەبوو لەسەر ئەوە و بە ئاشکرا دەنگیان داو لە کارەکەی لایانبرد.

وتیشی:" دووهەم بەرپرس کە بانگهێشتکراوە لەسەر گەندەڵی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین بەڕێوەبەری خۆراکی سەڵاحەدین بوو ئەویش تۆمەتێکی زۆر ڕووبەڕوویی کرابوو بەڵام توانی هەندێک بەرگری لەخۆی بکات دواتر باس لەوەکرا کە نزیکەی ٤٠٠ملیون دینار ڕۆن دیار نەمابووە لە خزیەنەی خۆراک لە سەڵاحەدین ، بۆیە ئەنجومەن نەیتوانی جارێکی تر متمانی پێ ببەخشێ و بەکۆی دەنگ بریاری لادانیان دا لەکارەکەی و ئەو کەسانەی کە پلەکانیان لێدەسەنرێتەوە ڕووبەڕوی دادگاییش دەبێتەوە بۆ ئەوەی بەسزای خۆیان بگەن وسێهەم بەرپرس کە بانگهێشتکرا مهندس نایف بەڕێوبەری شارەوانی قەزای سامەرا بوو ، لە ئەنجومەنی قەزای سامەرا بە کۆی دەنگ لە کارەکەی لابرا. بەڵام ئەوبریارەی ئەوان سەرپێچیانکردووە سەبارەت بە یاسایی پارێزگاکان ، دواجار ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجومەنی پارێزگا ئاگادارکرایەوە کە ئەوە کاری ئەوان نییە. بەڵکو لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگادایە ،ئەویش تۆمەتەکانی ڕووبەڕو کراوە یەکێک لەو تۆمەتانە کارگەیەکی (اسفلتی) بۆ خۆی دروستکردبوو ،و ئەنجومەنی پارێزگا بە کۆی دەنگ لەسەر کارەکەیان لابرد".

باسی لەوەکرد چوارەم بەرپرسی لەسەر کار لابراو کە دکتۆر حەسن زین العابدین بەڕێوبەری گشتی تەندروستی پارێزگای سەڵاحەدین بوو لەڕۆژی ٨-٦-٢٠٠٩ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەن ابو مازن بانگهێشتکراو نزیکەی ٢٠ پرسیاری لێکراو هەموو تۆمەتەکان ئامێزبوون سەرۆکی لێژنەی تەندروستی لە پارێزگای سەڵاحەدین کۆمەڵێک خاڵی ڕووبەرووی دکتۆر حەسن لەوانە:

١. سەرفکردنی پارەیەکی زۆر بە پرۆژە بچوکەکان

٢.کڕینی ٥ ئۆتۆمبیلی درع کە هەریەک لەو ئۆتۆمبیلانە پارەکەی دەگاتە نزیکەی ٨ دەفتەر دۆلاری ئەمریکی ، لەکاتێکدا ئامێرە پێویستەکان لە نەخۆشخانەکان بوونیان نییە وەکو (مفراس و رەنین) .

٣.تۆمەتی ڕفاندنی دکتۆرێک بەناوی صبار کە بە پارەیەکی زۆر ئازادکرا

٤. دەست تێکەڵکردن لە گەڵ بازرگانەکان و پەیرەوکردنی کاری سەختە

٥. کاری ڕۆتین ونا شەرعییەت لەگەڵ فەرمانبەرنیدا

٦. دامەزراندنی خەڵک لەڕێگای پەیوەندی تایبەتەوە چەند تۆمەتێکی ئەو سەرچاوەیە وتیشی:" ئەو خاڵانە خرایە ڕوو دکتۆر حەسن وەڵامی هەندێک پرسیاری دایەوە لەناو هۆڵەکە بەڵام لەدوای دەرچوونی لە هۆڵی کۆبونەوەکە، لەلایەن ئەنجومەنەوە یەک کاتژمێر لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا بەکۆی ٢٦ دەنگ ٢٢بریاریاندا کە دکتۆر حەسن زین العابدین لە کارەکەی لابرێت ٣دەنگ بۆمانەوەی دەنگیاندا ١ی تریش بەسپێتی کاغەزەکەی دانابوو هەر لەوێ بریاردرا بۆماوەی ٥ ساڵ بۆی نییە لە عێراق دەرچێتە دەرەوە و هەموو جێگاکانی سنوری لێ ئاگادارکراوەتەوە گەر لە سنور نزیک بوو یەوە دەستبەجێ دەست بەسەریدا بگیرێت" .

نزیکەی ٤٠٠ملیون دینار ڕۆن دیار نەمابووە لە خزیەنەی خۆراک لە سەڵاحەدین

سزای کوشتنی کەرۆشکێک، (٥٥٠) هەزار دینارە

بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان: ئیجرائات لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکەین

ئا: بێستون سەلام

بارەگایەکی دوور لەشار لە بناری شاخی باوەشاسواردا، کە دەگەیتە نزیکی بارەگاکە جیاواز لە شوێنە حکومییەکانی دی نەپرسگەیەکی تێدایە و نە نە سیاج و دیوارێکی پوختە.. بارەگای پۆلیسی دارستان وەکو (حەسەن قادر) باسی لێوە دەکات لە لایەن وەزارتەکەیانەوە بڕی (٥٠) ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکرێ بینای بارەگاکەیان زۆر لەوە خراپترە کە ئەو بڕە پارەیەی تیا خەرج کرابێت.

سنووری دەسەڵاتی جوگرافی پۆلیسی دارستان لە چوار بنکە پێک دێت کە بریتین لە سەرقەڵا و نەوجول و کۆکز وخان و دوانزەئیمام وەکو خۆی دەلێت هەموو بنکەکانی چالاکن و کاری خۆیان دەکەن..

سەبارەت بەبوونی ڕاو لە دەڤەرەکە چۆنێتی مامەڵەی ئەمان و فشاری بەرپرسان لەسەریان، ئەو ئەڵێت:" ئێمە وەکو خۆمان درێغیمان نەکردووە، بەڵام لەوەتەی پۆلیسی دارستان دامەزراوە ئەتوانم ئەوە بڵێم لە ٨٠% کێشەکانمان چارەسەر کردووە، هەر کەسێک ئاژەڵێک بکوژێت بۆ نمونە ئاسکێک، بڕی یەک ملیۆن دینار سزا دەدرێت، کەرۆشک پێموابێت ٥٥٠ هەزارە، پەلەوەرەکانیش وەکو سوێسک و پۆر ئەوانی دی ناگەنە (٣٠) هەزار دینار، جگە لەمانەش ئەوەی ئەو کارە بکات بەڵێنامەی دادگای لێوەدەگیرێت".

ئەو باس لەوەش دەکات کە ئەو شوێنەی بووتە جێی فشار لە سەریان ناوچەکانی داوێ و دەوروبەری دووزە هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەوا بە هۆی سەرسنوورن لە ژێر دەسەڵاتی ئەماندا نین ئەوانەی کە ڕاو دەکەن دەچنە ژێر دەسەڵاتی ئەو دیو ناشتوانین ئیجرائاتی یاسایی بکەین .

مەسەلەی چاوپۆشی لە خەڵک و بە تایبەت بەرپرسەکان لە ڕاوکردندا (حەسەن قادر) بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە:"چاوپۆشیمان لە گەڵ کەس نەکردووە ئیجرائاتمان لە گەڵ زۆربەی خەڵکدا کردووە، پێشتر ئەو هەبووە لەم ناوچەی خۆماندا بەڵام ئێستا زۆر کەمە، تا ئێستا خەڵکێک نەکوتۆتە بەر دەست ئێمە کە بەرپرس بێت".

بە پێی ئەو زانیارییانەی بە (ژەنگ) گەیشتووە چەند پۆلیسێکی دارستانی کفری لەم ماوەیەدا لەشەودا چەند کەسێکیان لە ڕاوی ئاسکدا بینیوە وتەقەیان لێکردووە کە دوو بەچکە ئاسکیان گرتووە دوای ئەوەی وێستیان بیگرن، لە مااڵەکەی خۆیاندا ئەوان وا وەڵامیان داوەتە کە بۆ بەرپرسێکیانە، بۆیە ئەمانیش ناچار بوونە وازی لێبهێنن.

بەڕێوبەری پۆلیسی دارستان لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێت:" مولازمێکمان هەیە تۆزێ لە ئیش و کارەکانیدا سست و خاوە، پۆلیسێش کەسێکی وتو وڕیای ئەوێت، گوایە لە سەعات دووی شەودا کابرایەکی کردووتە مااڵ بەڵام دوای ئەوەی کە ویستوویەتی کە دەستگیری بکات وتیەتی بێتە پێشەوە خۆم ئەکوژم، وتوویەتی کە شێخ لەتیف ئاگی لەم ڕاوی من هەیە، بەڵام دوای ئەوەی من لەگەڵ شێخ لەتیفدا قسەم کرد وتی ئەم مەسەلەیە ئەسڵ و ئەساسی نیە، قەت لەو قەناعەتدا نیم کەسێک لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بیت کاری وابکات ئێمەش لە لێکۆڵنەوەی لە گەڵیدا تا بزانین چۆن لە خۆیەوە بە ناوی شێخ لەتیفەوە ئەو قسەیەی کردووە".

"لەچاو دامودەزگاکانی تری حکومەتدا لە گەڵ وەزاراەتی ناوخۆدا کە بریتین لە کۆمەڵەی دامودەزگا، ئێمە زۆر (شەلەل و مەلەلین) چەندین جارێکیش هاوار و دادو بێدادی خۆمانمان بەرزکرۆدتەوە بۆ ئەو کاتەی کاک عوسمان وەزیری ناوخۆ بوو، دانیشتین قسەمان کردووە، باسی وەزعی خۆمانمان کردووە ئەویش بەو داوکارییەی من تۆزێ هەڵچووە وەک بڵێت ئەمە وانەبێت".

بەڕێوەبەری بەشی دارستانی کفری باس لەو سەقەتییەی بیەشەکەیان دەکات کە دوای ئەوەی بۆ ماوەی چواردە مانگ دەبێت ئەو لیژنەی کە کاک عوسمان پێکی هێنا هیچی کاری پێنەکراوە، ئەو باس لەوەش دەاکت کە بەشەکەی ئەمان هکو کفری خۆبەخشانە کار دەکەن ئەگەرچی وەکو خۆی باسی لێوە دەکات یارمەتیەکانی ئەوە نیە کە باس بکرێت، دەڵێتیش:" ئێستاش هەر بنکەیەکی ئێمە نزیکەی (٣٠٠- بۆ ٤٠٠) لەتری بەنزین قەزارن زۆرجاریش لە ناو خۆیاندا هاوکاری یەکتر ئەکەن کە کاتێک ئۆتۆمبێلێکیان پەکی بکەوێت لە گیرفانی خۆیان خەرجی بۆ دابین ئەکەن.

حەسەن قادر ئەوەش دەڵێت"بەس سووتەمەنێکەمان بۆ دابین بکەن هیچمان لێیان ناوێت، وازمان لە هەموو شتێک هێناوە کردمان شوانین و بە دەشتەوەین".

لە کۆتایشدا باس لەوە دەکات ئەمان هیچانی لە بەشەکانی تری بەڕێوبەرایەتیەکانی ناو شار کەمتر نیە، تەنها شوفێرێکی هەیە هیچ پاسەوانێکی تایبەت بە خۆی نیە وەکو خۆیشی ئاماژەی بۆ ئەکات بەشەکەی ئەمانە زۆر ترسناکە بۆ ئەوەی ڕووبەرووی دیاردەیەکی خراپ ببنەوە بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا بەس هو شوفێرییە هەیە و کەسی بە دەستەوە نەماوە .

ئاشکرای دەکات و دەڵێت کە حکومەت پێویستە گەورەترین هاوکاری پێشکەش بە پۆلیسی دارستان بکات چونکە "ئەگەر تروسکایی لایتی ئۆتۆمبیلێک لە هەر شوێنێکدا هەست پێبکەین بە دوایدا دەچین".

تروسکایی لایتی ئۆتۆمبیلێک لە هەر شوێنێکدا هەست پێبکەین بە دوایدا دەچین

بەهۆی بەڵێنەکانی گول و ئەردۆغانەوە بارەگاکانی MHP لە شاری دیاربەکر داخران

ئا: هۆشیار مەلا ئەوڕەحمان

بەهۆی بەڵێنەکانی سەرۆک کۆمار عبدالله گوڵ و سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگانەوە، سەبارەت بەچارەسەری مەسەلەی کورد، بنکەو بارەگاکانی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورک (میللیەت هەرەکەت پارتیسی) لەشاری دیاربەکرو شارۆچکەکانی داخران ودەرگاکانی کۆمکران و تابلۆ وئالاو دروشمەکانی هێنرانە خوارەوە.

لەلایەکی ترەوە عبدالله ئەرزاقچی کەماوەی ٤ ساڵە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی مەهەپەی دەکرد گوتی:"لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەوە نەمان توانی تەلاری ڕێکخراوەیی پارتەکە پێکبهێنینیەوە، سەرکردایەتی پارتەکەش لەو بارەیەوە هیچی نەکردووە".

چاودێرانیش پێیانوایە داخستنی بارەگانی مەهەپە پەیوەندی بەنزیک بوونەوەی حکومەتی ئەردۆگانەوە هەیە بۆ مەسەلەی کورد و دەولەت باهچەلیش هەڵوێستی دژی هەنگاوەکانی حکومەتە بۆ هەر نزیک بوونەوەیەک لە کێشەی کورد و بەتایبەتی دژی بوونی دەتەپە لە ناو پەڕلەمانی گەورەی تورکیادا وبەڵەکەیەکی ڕەشی دەزانێ بەسەرشانی میللەتی تورکەوە.

جگە لەو بریارە گوتە فەلسەفیەکەی ئەتاتورک(Ne mutlu turkim diyene*) چەند بەختەوەرم کە تورکم) لەسەر گردو تەپۆلکەو چیاکان بسرێنەوە، چونکە وەکو زانراوە دارو دەردی ئەو شوێنانەی دەستی سوپای تورکی گەیشتۆتێ ئەو ڕستەیەی سەرەوەیان لەسەر نوسیوە یا هەڵیانکۆڵیوە کەواتایەکی شۆڤێنیانەو بێزارکەرە بۆ نەتەوە ناتورکەکان و بۆتە دروشمی ئەم پارتەش.

*چەند بەختەوەر کەتورکم: ئەم ڕستەیە بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٣٣لە کۆشکی دۆڵمەڵی باهچە لەدەمی مستەفا کەمال بیستراو،پاش دووساڵ لەدەربڕینی ئەو ووشەیە١٩٣٤ بەدەنگی زۆرینەی پەرلەمان شەرەفی باوکایەتی(ATA) خرایە پاڵ نازناوەکانی تر مستەفاکەمال کە پێشتر پێاندەگووت (غازی) (فاتیح) (پاشا) (مارشاڵ) (کەمال) تەواو وبێ کەموکوڕی، ئەگەینا خۆی هەرناوی مستەفا علی ڕەزایە و باپیرەگەورەشی ناوی حافزە سورە بەرەگەز لە عێلی یورەگ تورکمەنن .

*ئەوەی بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیا کە بازاڕی ئەم پارتە ڕەگەزپەرستانەی خۆشکردووە، تەنها مەسەلەی دوژمنایەتیکردنی نەتەوەی کورد بووە، واتا ئەم پارتی مەهەپەیە دەرهاویشتەی شەڕو ناکۆکی نیوان نەتەوەکانە وبەدەرکەوتنی تروسکەیەک ڕووناکی بەرەو ئاشتی ئەمان بەرەو کزبوون وکوژانەوە دەچن. داخستنی بارەگاکانیشیان لەو ڕاستیەبەدەرنیە.